

" لەناو یەکێتیدا کوتلە
بازی بۆتە بازرگانی "

# حەمەی فەرەج بۆ لڤین

# پۆل بریمەر یەك ملیۆن دۆلاری لە مەزارەکەی هەڵەبجە دانا ، ئاگام لێنییە چی لێ بەسەرهات

**● بۆ ئێمە دیداری حەمەی فەرەج چێژێکی تایبەتی هەبوو، چونکە بە ئاشکرا هەستمان بەوە دەکرد کە ڕاشکاوانەترین بەرپرسێکە کە ئێمە لە مێژووی کاری ڕۆژنامەوانیماندا دیدارمان لەگەڵ کردبێت، ئەمە سیفەتێکە لە زۆربەی بەرپرسەکانی ئەم وڵاتە وانییە، هەر لە سەرەتاوە لەسەر دووخاڵ ڕێککەوتین یەکەمیان ئەوەی کە ئێمە بەجورئەتین لەوەی ئەو هەرچییەکی وت وەکو خۆی بڵاوی بکەینەوە و دووەمیشیان ئەوەی کە ئەو ڕاشکاوانە و بێ پێچ و پەنا دەست بخاتە سەر برینەکان، فەرەج جگە لەوەی یاریدەدەری بەڕێز مام جەلالە لە هەمانکاتیشدا یەکێکە لەو بەرپرسانەی کە ڕۆڵی گەورەی هەیە لەسەر بارودۆخی هەڵەبجە، لەبەرئەوەی بەڕێزیان لەماوەی ڕابردوودا و لەکاتی کێشەکانی ئەم دواییەی هەڵەبجەدا لە کوردستان نەبوو، دوابەدوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان ئەم دیدارەمان بە پێویست زانی بە مەبەستی تیشك خستنە سەر ئەو گرفت و پرۆسە گرنگانەی کە ڕوداوەکانی ئەم دواییەی هەڵەبجە بە دوای خۆیدا هێنای.**

دیداری
هێمن باقر و ئیسماعیل عوسمان

**لڤین: ڕووداوەکەی دوومانگی ڕابردوو کە لە هەڵەبجە ڕوویداوە و جەنابتان لێرە نەبوون، ئەو ڕووداوە چۆن دەبینیت؟**

حەمەی فەرەج: ئەو ڕووداوە تاوانێکی زۆر گەورەبوو بەرامبەر بە شەهیدان و خەڵکی هەڵەبجەکرا، لە هەموو شوێنێکی دونیا و وڵاتەکانی دونیا خەڵك بۆی هەیە ناڕەزایی دەربرێت بەرامبەر هەندێك کەموکوڕی و داوا لە حکومەت دەکات حکومەت ئیجازەی دەدات، نەك بەو شێوەیە کە کردیان بچن پەلاماری ئەوە بدەن کە موقەدەسی خەڵکی کوردستانە، بەتایبەتی هەڵەبجە و کەسوکاری شەهیدان.

**لڤین: هۆکاری ئەو ڕووداوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

حەمەی فەرەج: هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێنمەوە کە کۆمەڵێك خەڵکی خۆ فرۆش و هەلپەرست و ئەو خەڵکانەی کە ڕۆشتوون قەبری (شێخ حیسامەدین و شێخ سیراجەدین و شێخ مەولانە)یان دەرهێنا و ئێسقانەکانیان دەرهێنا و کردیانە توورەکەوە ڕشتیان ئەوکارەیانکرد.

**لڤین: بەڵام تۆ هەست ناکەیت ئەوانە خەڵکی هەڵەبجە و کەسانێك بوون کە داواکارییان هەبووە؟**

حەمەی فەرەج: هەموو خەڵکی هەڵەبجە نەبوون، داواکاری زۆر ڕاستە و کارێکی ڕاستە، بەڵام ئەوانە خەڵکانی بەکرێ گیراوبوون.

**لڤین: چ بەڵگەیەك هەیە کە خەڵکێکی دەرەوەی**

**هەڵەبجە لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداری کردبێت؟**

حەمەی فەرەج: من خەڵکی هەڵەبجەم بڕواناکەم کە خەڵکی ئەسڵی هەڵەبجە ئەوەی کردبێت.

**لڤین: بەڵام زیاتر لە (30) کەس گیران و ئەوانە هەموویان خەڵکی هەڵەبجە بوون و کەسانی دەرەوەی شاری تێدانەبووە؟**

حەمەی فەرەج: بەڵام من بیستم کەسانێك هەبوون کە ڕایانکردووە و تەسلیم نەبوون، ئەوانەی لە خۆیان نەترساون ئەوانەیان گرتووە، بەڵام من قەت باوەڕناکەم خەڵکی هەڵەبجە و کسوکاری شەهیدان ئەوکارە بکەن، چونکە شتی تر هەبووە ئەوان ئەیانتوانی بچنە سەرمەڵبەند، بۆ نەچوونە سەر ئیدارە و ئاسایش.

**لڤین: بەدەرلەوە تۆ پێتوایە چەندێك لەو تاوانە بەر ئیدارە و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە دەکەوێت؟**

حەمەی فەرەج: گوناهی ئیدارە و بەرپرسانی تێدایە، چونکە پێش ئەوەی من سەفەربکەم بە دووسێ مانگ هاتنەلام یەکێك لەوانە (ئاراس عابد) بوو وتی"کۆمەڵێك لە خەڵکی هەڵەبجە ئەیانەوێت خۆپیشاندان بکەن" منیش وتم ئێمە ڕێ لە خۆپیشاندان ناگرین، بەڵام بەشێوەیەکی قانوونی نەك بەشێوەیەکی تێکدەرانە، کە کاریگەری نەبێت لەسەر وەزعەکە، بەشێوەیەکی یاسایی ئەتوانن خۆپیشاندان بکەن و قسە بکەن و لافیتە هەڵواسن و یاداشتێکتان پێبێت کە داواکارییەکانی تێدابێت و بیانەدەنێ و پێیان بڵێن وەعدتان داوینەتێ بۆمان بکەن ، چەندجارێك وەعد دراوە نەیانکردووە کە خەتای بەرپرسانی تێدایە .

**لڤین: بەڵام لەسەر ئاستی پراکتیکی هیچ دیار نییە؟**

حەمەی فەرەج: نەکردنی شتێکی باش نییە.

**لڤین: بۆچی بیرتان لە ڕاستکردنەوەی کەلاوەکانی شار نەکردۆتەوە؟**

حەمەی فەرەج: من لای خۆمەوە زۆر هەوڵمداوە کەلاوەکان چاکبکرێنەوە، کۆمەڵێك ڕیش سپی هەڵەبجەم کۆکردۆتەوە و وتوومە هەر گەڕەکێك شەش پیاوی ڕیش سپی و دڵسۆز و بێ تەماع هەڵبژێرن با ناوی کەلاوەکانمان بۆ بنوسن کە بە چەکی کیمیاوی ڕووخاون، بە مەرجێك خەڵکی گومانلێکراوی تێ نەکەوێت، چونکە حکومەت دەستی نەپاراستووە لەوەی کە ئەوە پێشمەرگە بووە یان چەکداری خۆی بووە، لە هەموو کەسێکی داوە، بەڵام ئێمە پێش هەموو شتێك بیرمان لەوە کردووەتەوە کە کەلاوەی شەهیدەکان و ئەو کەسانەی کە لەو شارەدان پێشبخەین، دوای تاوتوێکردنی ناوەکان، (763) کەلاوەمان نوسیوە بە ڕەزامەندی هەموو لایەك کاك (عومەر فەتاح) و سەرۆکی شارەوانی و ئاسۆ ئسماعیل و مەڵبەند ئاگایان لێیە، هەموو بەرپرسەکان ئاگادارن کە ئەوەی کردوومانە بیکەنە وەجبە وەجبە ئەو کەلاوانە چاك بکەنەوە، دوای ئەوەی من لە مانگی (2005/3) ڕۆشتوومەتە لای مام جەلال و وەزعەکەم بۆ باسکرد و پێم وت وێرانەی هەڵەبجە لەوە زیاترە کە (763) خانوی بۆ بکرێت، (500) خانووم بە مام جەلال زیادکرد، خۆم لەگەڵیدا دانیشتووم کە بە کاك عومەر فەتاحی وتووە، (500) خانوی تر زیاد بکە لە چوارچێوەی ئەو لیستەدا بۆ هەڵەبجەی شەهید، ئێستا ئەو ناوانە چۆتە شارەوانی و تاپۆ و ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار وایە بە دوو وەجبە بکرێتەوە.

**لڤین: هۆکاری نەکردنی بۆئەوە ناگەڕێتەوە کە هەندێك کەس پێیان وابوویێت کە تۆ دەستت خستووەتە کاری ئیداری ناوچەکە؟**

حەمەی فەرەج: من خۆم بەرپرسم لە ئاوەدانکردنەوە و چاودێریکردنی هەڵەبجە، من ناوی کەسم نەنووسیوە بۆ ئاوەدانکردنەوە، ئێوە بڕۆن لەو شەش لیژنەیە بپرسن کە لە هەڵەبجە دان و بزانن کە (حەمەی فەرەج) پێی وتوون ناوی یەك کەس بنووسن بۆ ئاوەدانکردنەوە، ئەگەر پێموتوونێتن با بێن ڕووبەڕووی من قسە بکەن، ئێستا بەتەمام جوابی ئەوانە هەمووی بدەمەوە بەکاك (عومەر فەتاح)یشەوە تاوەکو یەکێکی تر.

**لڤین: بەڵام لە دانیشتنەکەی کاك (عیماد ئەحمەد) لەدوای خۆپیشاندانەکە، کەسێکی خەڵکی هەڵەبجە وتی ڕۆشتوومەتە لای کاك عومەر فەتاح وتوویەتی ئێمە ئاگامان لە ناونوسکردنی خەڵکی نییە بۆ خانوو؟**

حەمەی فەرەج: من بڕوا ناکەم کاك عومەر ئەوەی وتبێت، ئەگەر وتوویەتی ئەوا من بە بەڵگە جوابی ئەدەمەوە، ئەگەر کاك عومەر فەتاح ڕازی نەبێت ئەو کتابانە دەچێتە بەشە جیاجیاکان و دەچێتە وەزارەتی شارەوانی و تاپۆی هەڵەبجە؟ کاك عومەر فەتاح ئاگای لێیە، پار مانگی شەش ئێمە لەگەڵ مام جەلال لە قۆپی قەرەداغ دەعوەت بووین کاك عومەر فەتاحیشی لێبوو، وتم کاك عومەر، خانووەکانی هەڵەبجە چی بەسەرهات، کاك عومەر فەتاح وتی"مقاول نییە بیکات" منیش پێم وت دەتوانین ئەو خەڵکەی هەڵەبجە بانگ بکەین و بەسێ قیست پارەیان بدەینێ ئەمەش ئاسانکارییەکی چاکە و خەڵکی خۆی دەتوانێت بیکات و کاك عومەر وتی "زۆر باشە و ئێمە دەست بەکارین"

**لڤین: بەڵام تاوەکو ئێستا بۆچی نەبووە؟**

حەمەی فەرەج: ڕۆژێك پێش ئەوەی بڕۆمە دەرەوە بە تەلەفۆن بە (ئاسۆ ئیسماعیل)م وتووە وتوویەتی لیستەکەم بۆ بنێرن، بەڵام بۆ نەکرا، نازانم؟ چونکە من سەفەرم کرد.

**لڤین: ئێوە هەوڵتانداوە، بەڵام نەکراوە، هەندێك پێیان وایە کە دەستێك هەیە لە حکومەتدا دەیەوێت هەڵەبجە فەرامۆش بکات؟**

حەمەی فەرەج: بۆ هەڵەبجە شت کراوە، کەس ناتوانێت بڵێت نەکراوە، بەڵام ئەوە لە ئاستی هەڵەبجەدا نییە و بۆ هەموو شوێنەکانی دونیا ئەگەر بوو بێت خەڵك سەری ڕۆشتووە و ماڵی ماوە یان ماڵی ڕۆشتووە سەری ماوە، خەڵکی هەڵەبجە بە سەر و ماڵەوە ڕۆشتوون، خێزانی وا هەیە فریای ئەوە نەکەوتووە کە جووتێك نەعل لەپێ بکات، بەپێی پەتی ڕۆشتووە، یان نانێکی وشك بخاتە گیرفانی ئەبێت حسابی تایبەتی بۆ بکرێت.

**لڤین: لەناو هەڵەبجەییەکاندا کە دەوترێت ئێمە بەبێ هۆ فەرامۆش دەکرێین؟**

حەمەی فەرەج: منیش دەڵێم وایە، ئەگەر فەرامۆش نەکراوە بە مەبلەغێکی کەم ئەکرایەوە، ئەو قسەیە ڕاستی تێدایە، کەموکوڕی هەیە.

**لڤین: کاك (مەلا بەختیار) لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆندا باسی لەوەکرد کە (60٪) خەڵکی هەڵەبجە دەنگی بە ئێمە نەداوە و موعارەزەیە، هەست ناکەیت یەکێتی بەو چاوەوە سەیری هەڵەبجە دەکات بۆیە فەرامۆشی کردووە؟**

حەمەی فەرەج: نەخێر خەڵکی هەڵەبجە (65٪) دەنگی بەئێمە داوە و خەڵکی هەڵەبجە لەگەڵ ئێمەدا بووە.

**لڤین: بەڵام ئەمە قسەی کاک مەلا بەختیارە؟**

حەمەی فەرەج: کاک مەلا بەختیار بۆئەوەی گوێ لێبێت، وانییە و خەڵك دەنگی داوینەتێ و لەگەڵماندا بووە، بەڵام ئەگەر کەموکورییەك هەبووبێت لای خۆمانەوە بووە.

**لڤین: زۆرجار دەوترێت کە هەڵەبجە بەدەست سێ حەمەکەوەیە، جەنابت و مامۆستا شاهۆ و حەمەی حەمە سەعید، مونافەسەی ئەو سێ کەسە تا چەند ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر خراپ بوونی وەزعی هەڵەبجە؟**

حەمەی فەرەج: هەرچییەك هەبووبێت ڕووبەڕووی خۆیان پێموتوون، ئەکرێت لەسەر هەندێك شت موعارەزەم کردبن، بەڵام لەسەر ئەو خانووانە هاوڕابووین و هیچ شتێك نەوتراوە، نابێت کەس ڕێگربێت لە ڕێگای ئەو خانووانەدا، چونکە ئەوانە بەشێوەیەکی ناشەرعی نەکراوە.

**لڤین: باس لەوەدەکرێت کە هەڵەبجە بەدەست فرە کوێخاییەوە دەناڵێنێت؟**

حەمەی فەرەج: من خەڵکی هەڵەبجەم و لە هەموو کەسێك زیاتر زەرەرمەندبووم، ئەگەر شتێکم بۆ خزمی خۆم کردبێت ئەوا هەموو خەڵکی هەڵەبجە دەزانن، کاتێك ئەوە ڕاستە کە من بۆ خزم و کەسوکارم دەستەگەری بکەم، من کوردایەتیم کردووە و دەیکەم، هەرکەسێك ئەوەش دەڵێت ئەوا تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەی ئازاد هەیە با بێت لەسەر من قسە بکات.

**لڤین: بۆ نموونە ئەو خانووانەی کە تۆ نووسیوتە ڕێکخستن بە دڵی نەبووە، چونکە خەڵکی دەرەوەی ڕێکخستنی تێدابووە؟**

حەمەی فەرەج: جیاوازیم نەکردووە لە نێوان هیچ کەسێکدا، بەڵام تەنها ئەوە نەبێت نەمهێشتووە ئەوانەی کە پیاوی حکومەت بوون و ماڵی خەڵك و کوڕی خەڵکیان کوشتووە و زوڵمیان لە خەڵك کردووە تیایدا بێت، بەڵام هەموو لایەنێکی سیاسی تێدایە، لە شیوعی و یەکگرتوو و کۆمەڵ و پارتی و یەکێتی.

**لڤین: بەڵام کاک حەمەی حەمە سەعید و مامۆستا شاهۆ بەوە ڕازی بوون؟**

حەمەی فەرەج: بەلای ئەوانەوە باش نەبووە.

**لڤین: دەنگۆی ئەوە هەیە کە کوتلەکانی ناو یەکێتی دەستیان لە خۆپیشاندانەکەدا هەبووبێت؟**

حەمەی فەرەج: من لێرە نەبووم و ئاگادارنیم، چونکە لە مانگی (2005/12)وە ڕۆشتووم، بەڵام وەك بۆمان باس دەکەن خەڵکی تێدابووە، ناتوانم بڵێم بەرپرسێك ڕۆیشتووە ئەوەی کردووە، چونکە ئەوە قسەیەکە دەکرێت، ناتوانم بڵێم وابووە.

**لڤین: باس لەوە دەکرێت کەسوکاری چەند بەرپرسێکی تێدابووە؟**

حەمەی فەرەج: بەڵێ ئەوە پێویست ناکات من بیڵێم، بە کامێراوە ڕەسم گیراوە و ئێوەش لەوێ بوون و ئەتوانن بانگی بکەن تەحقیقی بکەن.

**لڤین: بە بڕوای تۆ پێویست بەوە ناکات گۆڕانکاری حیزبی و حکومی لە ئیدارەی ئەو ناوچەیەدا بکرێت؟**

حەمەی فەرەج: ئەبێت بکرێت و ئەگەر نەکرێت ئەوا شتێکی خراپە لەوانەیە ئەو کارانە دووبارە بکرێتەوە، من داواکارم گۆڕانکاری لەسەر ئاستی حکومەتو حیزبدا بکرێت.

**لڤین: لە دوای ڕووداوەکەی هەڵەبجە بڕیاردرابوو کە گۆڕانکاری لە ئیدارەی حیزبی و حکومیدا بکرێت لەناوچەکەدا، بەڵام ئەمە تائێستا دیار نییە، جۆرێك ساردبوونەوە دەبینرێت لەو بڕیارە بە پاڵپشتی هەندێك بەرپرسی گەورەی یەکێتی؟**

حەمەی فەرەج: دوور نییە وابێت.

**لڤین: ببورە بۆ حەزناکەیت بە ڕاشکاوانە قسە بکەیت؟**

حەمەی فەرەج: من حەز ناکەم جوابی کوێرانە بدەمەوە، من بەبێ منەت جواب دەدەمەوە، من لە ئەورووپا بووم لە تەلەفزیۆنەوە ئەو ڕووداوەم بینیەوە، بەڵام بە قەناعەتی خۆم لێرە بوومایە ئەوە ڕووی نەدەدا.

**لڤین: بۆچی پرۆژەی گۆڕینی بەرپرسە حیزبی و حکومییەکان فەشەلی هێنا؟**

حەمەی فەرەج: ئەمە بەستراوە بەو وەزعەی ئێستای کوردستانەوە.

**لڤین: بەڕێزت ڕاوێژکاری مام جەلالیت، بەڕێز مام جەلال تاچەند سورە لەسەر ئەو گۆڕانکارییە، ڕای لەسەر ئەو قەزیەیەی هەڵەبجە چییە؟**

حەمەی فەرەج: مام جەلال دەمێکە باسی ئەو گۆڕانکارییە دەکات، بەڵام حەزیکردووە هەردوو ئیدارەکە یەك بگرێت، دوای ئەوە دەستکاری هەندێك شت بکرێت لە بواری ڕێکخستن و



مەکتەبی سیاسی و دەسەڵاتەکانی تردا.

**لڤین: لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا هەست دەکرێت ناوچەگەرییەتی زاڵە و هەڵەبجەییەکان باس لەوە دەکەن کە لەناو مەکتەبی سیاسیدا کەسیان نییە، هەندێکی تر دەڵێن هەندێك بەرپرسی حزبی ناویەکێتی حەزیان بە خەڵکی هەڵەبجە نییە؟**

حەمەی فەرەج: هەڵەبجە کەسێکی بەرپرسی نییە دوای شتەکان بکەوێت و خۆی پێوە هیلاك بکات، پاشان بمانەوێت یان نادەستەگەری هەیە و بە زەقی دەبینرێت، ناوچەی هەڵەبجە بۆ خەبات و تێکۆشان لەپێش هەموو لایەکەوە بووە، بەڵام من شتێك شك نابەم خەڵك هەبێت حەزی بە خەڵکی هەڵەبجە نەبێت، بەڵام ئەکرێت خەڵکێك هەبێت ڕقی لەمن یان لە یەکێکی تربێت، بەڵام خەڵکی هەڵەبجە تاوانیان چییە؟ ئەوانەی کە دەکرێت بۆ خەڵکی هەڵەبجەیە، من یەك مەتر عەرزم وەرنەگرتووە، تەنانەت حاکم قادر وتوویەتی"عەرزم بۆ داناوی" کاك کۆسرەت پێی وتووم، بەڵام وەرم نەگرتووە، من خەڵکی هەڵەبجەم حەزدەکەم هاوکارییان بکرێت.

**لڤین: یەکێتی لە هەڵەبجەدا دابەش بووە بەسەر چەند کوتلەدا؟ ئەتوانی پێمان بڵێیت؟**

حەمەی فەرەج: من ڕقم زۆر لە کوتلە بازییە، بەڵام ئەمە بووەتە بازرگانی، کێ پارەی زۆر بێت ئەوا جەماوەری زۆرە ئەوکارانەی کە خۆی دەیەوێت بۆی دەکات.

**لڤین: هەندێك کەس گلەیی لە بەڕێزت هەیە کەڕێگربوویت لەبەردەم هەندێك پڕۆژەدا؟**

حەمەی فەرەج: هەرکەسێك کاری کرد لەوانەیە لە قازانجی کۆمەڵێك کەس بێت و دژی کۆمەڵێکی تربێت، من ڕێگەم گرتووە لە کۆمەڵێك شتی نەشیاو، کە باش نیە بۆ شارەکە، لەوانەیە ئەوانەی گلەییان لە من کردووە ئەوانەبن کە ڕێگام لێگرتوون لە کۆمەڵێك کار کە کردوویانە، یان من لە هەڵەبجەدا بووم و پێشمەرگەی سەرەتاییم هەبووە، بە حوکمی ئیشەکەم جاشم کوشتووە و ئیستخبارات و ئەمنم کوشتووە و ئیجرائاتم کردووە، ئەگینا بڕواناکەم خەڵکی هەڵەبجە گلەیی لەمن بکات.

**لڤین: باست لەوە کرد کە کۆمەڵێك شتی نەشیاو کراوە و تۆ ڕێگەت پێنەداوە، ئەوانەی تۆ پێیان دەڵێیت شتی نەشیاو چین؟**

حەمەی فەرەج: کاتی خۆی لە دەروازەی شاردا لافیتەیەکیان هەڵواسی کە دەروازەی شار نابێت هەندێك شتی تێدابکرێت، هەندێك شتمان وتووە نابێت بکرێت، ئەوانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر خەڵك، ئێستا کوڕی جاشەکان ڕۆیشتوون شکاتیان لێکردووم، وتوویانە باوکمانی کوشتووە.

**لڤین: بەردەوام باس لەوە دەکرێت کە ئیدارەی ناوچەکە لە دەست حیزبدایە نەك حکومەت؟**

حەمەی فەرەج: من پێم چاك نییە و بەباشی نازانم حیزب دەبێت ئیشی حیزبایەتی بکات و حکومەت کاری خۆی بکات، فەرماندە و لەشکر کاری خۆی بکات، بەڵام با پرس و ڕا هەبێت، بەشێوازی فەرزکردن نەبێت.

**لڤین: ئێستا تۆ خۆت بە بەرپرسێکی حیزبی دادەنێیت یان حکومی؟**

حەمەی فەرەج: من نە حیزبیم و نەحکومیم، سکرتێری مام جەلالم بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی و حیزبی کاری چاك بکات دەڵێم چاکت کردووە و حکومەت چاك بکات دەڵێم چاکت کردووە.

**لڤین: پێش خۆپیشاندانەکەی هەڵەبجە کەموکوڕییەکانتان دیارییکردایە و چارەسەتان بکردایە خۆپیشاندانی لەوجۆرە دەبوو؟**

حەمەی فەرەج: منیش وەك جەنابت دەڵێم، پێش ئەوە بکرایە هیچ کارێکی لەو جۆرە نەدەبوو، ئەگەر کەلاوەکان چاك بکرایانەتەوە ئەوەڕوووینەدەدا.

**لڤین:کاك عومەر فەتاح لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا وتی"بۆیە هەڵەبجە چاك ناکەین دەمانەوێت ببێتە مۆزەخانە؟ دەستکاری ناکەین باوەکو خۆی بمێنێتەوە" ؟**

حەمەی فەرەج: بەر لەوەی وەڵامی ئەوە بەمەوە حەزدەکەم ئاماژە بەوە بکەم لە (1992/3/16) مام جەلال و کاك کۆسرەت و کاك عومەر فەتاح و برادەرانی تر هاتبوون بۆ هەڵەبجە پێیان وتبوو حەمەی فەرەج لێرەیە و لەماڵی (عەلی مەلا محەمەد)ە، مام جەلال و هێرۆخان و عومەر سەید عەلی و عومەر فەتاح هەموویان هاتن بۆلام، من زۆرم پێخۆشبوو، مام جەلال پێیوتم کە دوو ڕۆژ لەهەڵەبجە بمێنەرەوە، چەند پیاوێکی ڕیش سپی بانگ بکە و داوایان لێبکەن ئەم شارە بکەن بە مەتحەف و ئەمەش دەبێتە قەڵایەکی گەورە بۆ هەڵەبجە و وەك مەتحەفێك و منیش چەند ڕیش سپییەکم کۆکردەوە و ئەوەم پێ وتن، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون لەسەر ئەوە و وتیان هەرچییەکمان بۆ بکرێت با لێرەدا بێت، دواتر ئەوەم بە مام جەلال ڕاگەیاند، مام جەلال وتی"ئەگەر لەبەر من نەبێت ئەم ڕێکخراوانە هیچ بۆ هەڵەبجە ناکەن" ئەو قسەیە بناغەکەی بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، لەم ساڵانەی دوایشدا بە (مام جەلال)م وت کە هەڵەبجە وێرانە، بچن سەردانێکی هەڵەبجە بکەن، ئەوکات دکتۆر (بەرهەم) سەرۆکی حکومەت بوو مام جەلال وتی لەگەڵ دکتۆر (بەرهەم)دا ڕێك کەون لەسەر هەندێك کار بۆ هەڵەبجە.

لەگەڵ دکتۆر (بەرهەم)دا چووین بۆ هەڵەبجە لەسەر چەند کارێك ڕێککەوتین بۆ هەڵەبجە، پاش گۆڕینی کابینەی کاك (بەرهەم) و هاتنی کاك (عومەر فەتاح) شتەکە دواکەوت، بەڵام من زۆرم تەئکید لەو کارە کردەوە و چەند جارم بە کاك (عومەر) وت بەڵام ئەو هەر دەیوت با بوەستین، دوای ماوەیەکی تر ڕۆشتمەوە بۆلای کاك عومەر و وتی"تۆ ڕۆمات دیوە" منیش وتم بەڵێ شارێکی زۆر خۆشە وتی"وازی لێبهێنە با ئەوە وەك دیکۆر بمێنێت" منیش وتم ئەگەر کارێکی وابکرێت دەبێت بەدیلی هەبێت، شوێنێك بۆ خەڵکەکە دیارییکرێت بچێتە ناوی، با ئەوکاتە بکرێتە شوێنەوار، بەڵام ئێستە ئەو خەڵکە چی لێدەکەیت.

**لڤین: دەنگۆی ئەوەیە دوای سەردانەکەی بۆل بریمەر بۆ هەڵەبجە بڕێك پارەی دانابێت بۆ کەسوکاری هەڵەبجە بەڵام دیار نییە؟**

حەمەی فەرج: ئەو بڕە پارەیە یەك (1000000)$ بووە بڕیاربووە مەکتەبێك و نەخۆشخانەیەکی پێدروستبکرێت، ئیتر ئاگاداری ئەوە نیم چی لێکراوە، خەڵکی مافی خۆیەتی بە وردی بچێتە ژێری و بزانێت چی لەو پارەیە کراوە.

**لڤین: پارەکە دیار نییە و کارەکەش نەکراوە؟**

ئاگادار نیم.